کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

20-12-2007 22:25 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## قسەیەک لەسەر بگرەوبەردەی زمانی ستاندار ... سیروان بابەعەلی

ئەو سەردەمە چەند خۆش دەبێت؛ کە لەدەرەنجامی پلەی باڵاتری "گەشەن" دا دێ و، هەموو مرۆڤایەتی



دەگاتە ئاستی پەیڤین بەیەك زمانی فەرمیی جیهانیی و هەموو سنوورەکانی ناوچەگەریی و دەمارگیریی تێدەپەڕێنێت و... ئاریشە "ئەوکات خۆجێییەکانی" سەرزەوی دەگەنە قۆناخی ململانێی دانیشتووانی سەر ئەم هەسارەیە لەگەڵ تەنەکانی تری گەردوون و مەترسی و ئاریشەی بابەتییترو مەزنتر... ئەوسەردەمە لەوانەیە لە سەدەکانی داهاتوو پێبگات. بەڵام یاسا گەردوونییەکانی گەشەن و دیالیکتیکی دیاردەکان، کە زانست بەردەوام لەرێگەی تەکنۆلۆژیاوە پیشانماندەدات دەڵێن: هەردێت...

گریمانەی ئەو باوەڕزایە سەرەڕای ژیروێژی؛ نابێتە پاساو بۆئەوەی کە هەندێ کەس لە جیهانزێدە (کۆسمۆپۆلیتە) کانمان، بەهەڵە تێیبگەن و لەدواوە لغاوی بکەن و شەلم کوێرم لەنووسینێکدا بە بیست زمان بنووسن و، نەك تەنها ناوی بیانی و، وشەی ئامادەنەبوو، یاخود بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست. بەڵکو تەنانەت کردارو ئاوەڵناوو ئاوەڵفرمانو.. تاد، سەرلەبەری بە وشەی بیانی چەپوڕاست بکەن!...

ڕاستە بەهۆی زۆر هۆکاری خودی و بابەتیی مێژووساز بۆ فەرهەنگ. زۆرینەمان زوبانی کوردیمان ڕەوان و پاراو نییەو، چەندە خۆمان گیڤبکەینەوە، تژی لەنگیی و کەموکووڕییە... بەڵام ئایا واپێویست ناکات ( (ڕچعف الآیمان) ) ئەوەی کە لەزمانەکە لەبەردەستدایە بەکاری ببەین و، هێندە بە بەزۆروەرگێڕانی وشەکانمان بۆ وشەی بێگانە کۆڵەواری نەکەین؟ هەتا نووسینەکانمان چ وەك گەشبینیی و، چ وەك تورەکردن و بزواندنی پسپۆڕو کوردۆلۆژو زماناسەکانمان بکەینە پاڵنەر (مۆتیڤ) و، ڕۆژێك بێت چاکی مەردانەی لێبکەن بەلاداو کارێکمان بۆبکەن و، ئێمەش وەک گەلان ببینە خودانی زوبانی ستانداروو ئامادەی تێکەڵبوون...

لەهەرەتی لاوێتی پێنووس و پەڕاودا؛ بۆنموونە: ئەگەر سێ کەس، یەك "ناو" یان، بە سێ جۆر بنووسیایە، دەگووترا: [خەمناکا! (ئیسمی عەلەم) هەرچۆن بنووسرێت هەڵەنابێت]... بەڵام ئایا ئەوە بۆ ئەم سەردەمە ساخڵەمە؟ ئەگەر بۆ نموونە کەسێك لە کۆمپیتەردا بۆ (wwwپەڵپینەبەترش) بگەڕێت، بەهۆی بچوکترین هەڵە لەتیپی نووسیندا، لێی ونبابێت؟

ڕاستە کە زێدی سۆسیالیزم فەرەنسا بووە... بەڵام لە لانکی "سۆسیالیزمی زانستی" کە ئەڵمانیایە، وە هزرزانیی و رێبیری ئەو زانستەیش کە باوانی باوەڕزای جیهانزێدەکانە، تائێستاش بەردەوام بەناوی ڕاستنووسیی (ڕێشتشرایبونگ) کار لەسەر زمانەکەیان دەکەن و، جگەلەوەی جار هەبووە بۆ گۆڕینی چەند وشەیەکی فەرهەنگ ملیۆنەها "یورۆ"یان خستۆتەکار... لەگەڵ ئەوەشدا دوور لەهەر پرینگانەوەو دردۆنگیی و تەنبەڵییەك، سەرلەبەری پێڕۆ زانستیی و پەروەردەییەکانیان نۆژەنکردۆتەوەو، خۆیان بەرهەڤی فێربوونی گۆڕانە نوێیەکان کردووە! ( (هەرچەندە لەبەر زیادەڕۆیی لە ژیروێژیی بیرکردنەوەی ئەڵمان، کەهەر وڵاتەکەیان زێدی ئەو ژیروێژ (لۆژیك) ەیە، زۆرشتیان بە "ئویبەر کۆڕێکت" واتە سەرووڕاستی ناودەبرێت و بێزارکەرە!) ) ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-12-2007 22:25

زانیارگە (ئێنسیکلۆپیدیا) ی زمان؛ بۆمان ڕوونده‌کاته‌وه که زمانی ئینگلیزی، چۆن له کاریگەریی هۆڤییەتی سەردەمەکانی کێڵتی و ئانگلی و ساکسنی و داینی و نۆرمان و جێرمانه‌وه مشتومالْ کراوه‌و له سەدەی پازده‌وه شەقڵی نوێی وەرگرتووه‌و بەردەوام کاری لەسەرکراوه... که چینییەکان ڕەنووسیان نییەو، بۆ فێربوونی زمانی چینی بەرز، دەبێت نزیکەی پەنجاهەزار هێما ئەزبەربکەن. لەتەنها چوارسەد گرێی دەنگ دەبێت چەندئەوەندەی دەنگی دەربڕین بۆ وشه بزانن، هەتا هەر وشەیەک بەپێی واتا بەچەند دەنگێگ دەرببرن. چۆن شێوازی نووسینیان ماوەی پەنجاساڵه بۆ چەپبۆڕاست گۆڕیوه... وه که تورکەکان هەر تەنها ڕەنووسیان نەگۆڕی، تەنانەت گۆڕانی ڕیشەگریان لەبونیادو شەقڵ و ڕێزمان (گراماتیك) و ڕستەسازیی (سینتاکس) دا کرد...

[لەراستییدا پابەندنەبوون به پاکژیی ڕەنووس و پاراویی زوبانی نووسین و وشەو گراماتیک و دەربڕینه یەکگرتووەکانی زمانێک زۆر لەوه سامناکتره، که ئێمه سەرپێیی ڕاڤەی بکەین... ئێمه دەزانین که ڕاستکردنەوەی ئەوتۆماتیکیی چاپەمەنی دیگیتاڵ بەهۆی کۆمپیتەر، شۆڕشێکی وەهای لەبواری چاپەمەنیدا سازداوه، که هێندەی دۆزینەوەی خودی پیتی چاپ لەسەدەی پازده گرنگه... له ئەوروپا رۆژانه هەزارەها بەرهەمی چاپەمەنی دەکەوێته بازاڕ، بەبێئەوەی هەڵەیەکی بەرچاویان تێدابێت... لای ئێمه باشترین ڕۆژنامه دەیەها هەڵەی لەهەموو ڕوویەکەوه لەگەڵ هەموو ژمارەیەك تێدایه. ئەمه جگه لەوەی کەئەو پرۆسەی ڕاستکردنەوەی ئەوتۆماتیکییه ئێستا گەیشتۆته ئاستی ناسینەوەی دەستنووس و ڕستەناسیی و داڕشتنی دەق، که لەڕووی بەکاربردنی کات و وزەوه، پێشکەوتنی سەرئاسایان بەدیهێناوه... کەواته شینی ئێمه بۆ هەریسەکەیەو هیچ پەیوەندییەکی به نەتەوەپەرستی و چاوڤینیزم و ئەوشتانەوه نییەو، گەر وابمێنینەوه دەکەوینه نێو گێژاوی ڕەوتی بەرەودوا بۆ گێلبوون و، فرازۆنەبوونی زمانی ستاندار بەرەو گۆجبوونمان دەبات!]...

زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەنده؛ بەڵام لەوباوەڕەدانیم که زمانەکەمان بگاته ئاستی دەوڵەمەندیی زمانەکانی عەرەبی و ئەڵمانی له پڕ وشەیی و بەرفراوانیی و زەنگینیی و ڕێزمانی بەهێز... لەگەل ئەوەشدا ئەوان کێشەیان نەماوەو، ئێمەیش چەقگرتوو دەستوپێ سپیین. ئەوەیش لەسۆنگەی چێنەبوونی خوازو ویستی گۆڕان و قەتیسمانەوه لەیەک پانتایی و سووڕانەوه لەنێو یەك بازنەی داخراو...

بۆنموونه ئەگەر فەرهەنگێکمان هەبێت و، وەك فەرهەنگەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی، بۆی ڕوونبکردینایەتەوه که "قوتابی" بۆ کام قۆناخی خوێندن و "خوێندکار" بۆ کامەی ترو، "ژن" و "ئافرەت" بکرێنه ناو بۆ کام پەسن و بانگکردنی مێینەو، گەنج و لاو.. تاد. ئەوا ئێستا ئاوەزه دەبەنگەکانی بازاڕه ڕامیارییەکان وەك هەر لایەنێکی تری کولتور، تەخشان و پەخشانی زمانەکەیان نەدەکرد! ( (ساڵی 2002 یش به وتارێک له ڕۆژنامەی جەماوەر، بەدرێژی لەسەری دوابووم) ) ...

ئەو کێشەیەی ئێستا سەریهەڵداوه ( (کەهەر دەبوا سەرهەڵبدات) ) .. دەرەنجامی ئەو خەوشانەیه که له هەردوو ڕووی دەمارگیریی و باوەڕگیریی دەرکەوتووه؛ که لایەکیان ناوچەگەری خێڵەکییه وەك ئەوەی بادینان و هەورامان و، لایەکی تر لوتبەرزی لەخۆباییه له سۆران... که هەردووکیان وەکویەك تەنها خزمەت بەخەوشەکانی تەنبەڵی بۆ فێربوون و، نەفراژانی خواز و خواست و ویستی یەکگرتن و گۆڕان دەکەن...

باوەڕم وایه بۆئەوەی ببینه خاوەنی زمانی ستانداری تەندروست و پاراو و، بخزێینه نێو پانتایی تەکنۆلۆژیاو شۆڕشی زانیاریی و جیهانی ژمارەیی، پێویسته واز له گیانی ناوچەگەریی بهێنین و، خوازو

ئەو نووسینانەی له کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوه، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانه، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییه.

ویست و بزێویی بۆ گۆڕانی ریشەگر بکەیەنە ئەلتارو، فشار بۆ زاناو پسپۆرو لێزانەکانی بواری زمان و کوردۆلۆژیاو، هەروەها دەسەڵات و پسپۆرانی بواری پەروەردە بهێنین کە کار لەسەر سێ تەوەرە بکەن:

یەکەم: مشتومالّی زمان و داڕشتنی فەرهەنگی یەکگرتوو، وە کۆکردنەوەی دیالیکتەکان بەسەرجەم ئیدیۆم و زاراوەکانیانەوە لەیەك مالّدا.

دووەم: هەلّێنجانی زمانی ستاندار لەو فەرهەنگە؛ لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی وشەی بێگانەو، وشەی ڕەسەن و، فرەمانایی و، رستەسازیی و ڕێزمان و، وێژەو، جوانیی و سانایی و ئاوازو، رەچاوکردنی کات وشوێنی دەربڕین و.. تاد. وە گوێنەدان بەوەی کام زاراوە زۆری لێلادەدردێت و، کامیان کەم ( (ففتی ففتی و برابەشیی تێدا بەکارنەیەت!) ) ... وە تەنها پوختیی و تێروتەسەلیی و رەسەنیی بەهەند وەربگیرێت.

سێهەم: چاکسازیی و تەنانەت داڕشتنەوەی ریشەگری پێڕۆی پەروەردەو فێرکردن... کە فەرهەنگی زاراوەکان بەوشێوەیەی باسکرا وەك وانەی تایبەت و گرنگ لەهەموو جێگایەکی کوردستان کەدەسەڵات پێیڕابگات بخوێندرێت... وە زمانی خوێندن لەهەموو جێگایەك بە زمانە نوێ شەنوکەوکراوەکە ڕێکبخرێتەوە، تەنانەت ئەگەر لەهەندێ ناوچەش خۆماندوکردنی زیاتری بوێتو زۆر بە زاراوەی ناوچەکە نامۆ دەربکەوێت...

مکوڕیی و خواز بۆ گۆڕان زۆر گرنگن ( (تورک کاری مەزنی بۆخۆی کرد) )، پێویستە نەوەکانی پێش ئێمەو ئێمە؛ خۆویستانە و تەنبەڵانەو کۆنەپارێزانە، لەو پرسە چارەنووسسازە تێڕانەمێنین و، کارێکبکەین ببێتە زەمینەی فێربوونی ساخڵەم بۆ پەروەردەی نەوەی داهاتوو.. بۆ دۆزینەوەمان لەپاشەڕۆژ.

پێویستە ڕێگا نەدەین دێرینخوازو کۆنەپارێزەکان بەر بەگۆڕان بگرن... لەوباوەڕەدام کە فەرهەنگی زمانی ستانداروکارپێکراو رایەڵی بنەرەتیی تاکگوتاریی و پێشڤەچوونی رامیارییە. خەسڵەتێکی داینەمۆیی چێبوونی ئاسایشی نیشتیمانییە... کەئێستا کورد نییەتی.

پاشنووسێك:

... وەك لەسەرەوە ئامازەی پێکرا؛ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا هێدی هێدی مەترسی کلّۆمکردن و گیرخواردن و لەجوڵەخستنی زمانێک ئەگەر پێوەرو بنەماو پێودانگ و رێسای نەبێت زیاتردەبێت... کە ئەو رەوشە زۆر لە لەناوچوونی زمانەکە سامناکترە. چونکە باری پێشکەوتن و خۆگونجاندنی ژیاریی لەبزووتن دەخات. بۆیە چێبوونی زمانی ستاندار زێدە کاریگەرەو، هەر ئەو زمانە لەگەڵ پێشڤەچوونی تەکنۆلۆژیادا زیاترو زیاتر دەبێتە دەستاوێژی بزاوتی گەشەو گۆڕان...

... راستە دیالیکتی کرمانجی خوارو هەژمونی بەربلاوی هەیەو، بەهێزیی وێژەو، کاریگەرییە رامیارییەکان وەك دێفاکتۆو پێشڕەو چەسپاندیان... بەلاّم بەوپێیەی هەورامان چەند سەدەیەك خۆی راگرت لەبەردەم ماریدی ئیسلام و هێرش و ئەنبارگۆو داگیرکارییەکانی؛ ئەوا، دیالیکتەکەی زۆر بەپوختی و پاراوی ماوەتەوە، کەدەکرێت لەزۆرجێگا کەموکورتییەکانی پێپڕبکرێتەوە...

وە هەندێ تان و پۆی گراماتیک وەک نێرومێ (ماسکولین و فێمینین) ی زمان.. تاد، لە دیالیکتی کرمانجی ژوروودا زۆر بەکەڵکن...

دیالیکتەکانی لەکی و لوڕی پێویستە شەنوکەو بکرێن...

وە لەباری تێکڕادا ئەگەر لەپێناوی وەرگرتنی تەنها وشەیەکیش بێت بۆ زمانی ستاندار، باوەڕم وایە، کە پێویستە پێداچوونەوە بۆ زاراوەکانی نێو هەرپێنج دیالیکتەکە لە:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

20-12-2007 22:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

[زازایی/قووچانی/شەمدینانی/بادینانی/بایەزیدی/سۆرانی/بابانی/موکریانی/ئەردەڵانی/لهۆنی/ڤاوەرۆیی/ئیلامی/شێروانی/کودەشتی/سوسەنگردی/فەیلی/بەختیاری/هەفتگلی.. تاد] بکرێت... لەوباوەڕەدام؛ هەرچەندە کارو ماندوبوون و کاتی زۆری پێدەوێت، بەڵام نەکردە نییەو، بەبێ ئەو هەمەگیرییە هەرگیز نابینە خودانی زمانێك کەهەموومان خۆمان بەخاوەنی بزانین و، کورد بەرەو تێکەڵبوونی تەندروست بۆ نێو گەلان ببات.

sirwanb@t-online.de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.